مامۆستا پوڵس یەعقوب عەسکەری نەمر هێمای نیشتمانپەروەری بوو

نووسینی: جەمیل عیسا

پوڵس یەعقوب

ڕەنگە عەنکاوە مەڵبەندی تێکۆشەرو نیشتمانپەروان و بەرخودان بووبێت لە سەردەمی ڕژێمی پاشەیەتی و ڕژیمە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری، عەنکاوە بەوەناسراوە کە هەردەم لانکەی پێشمەرگە و کوردایەتی ونیشتمانپەروەری بووە، وەهەردەم لە دژی ستەمکاری وزوڵم وزۆرداری ڕژێمە دکتاتۆرییەکان سەری دانەنواندووە، و وەک پۆلا ئاسایی خاوەن هەڵوێستی جوامیرانە بووە، بۆیە لەم شارۆچکە نازدارەدا بەدەیان شەهیدو قوربانی بەخشیوە بە خاکی کوردستان وهیچ کاتێک ڕۆلەکانی ئەم شارۆچکەیە سەریان ملکە چ نەکردووە بۆ ڕژیمە دڕندەکان وەبەتایبەتی ڕژێمی بەعسی گۆربەگۆر.

مامۆستا پۆلس یەعقوبیش یەکێک بووە لەوتێکەشەرانەی کە هەردەم پالپشت بووە بۆ هیزی چەوساوەو ڕەش وڕووت وهەژاران، هەردەم داکۆکیکەر بووە لە مافی ڕەوای گەلی کوردستان، هەموکاتێک لەگەل هاوڕێ یانی دا خەمخۆری میللەتەکەی بووە، بۆیە بۆیەک چرکە کات سەری بۆ دۆژمنانی گەل ونیشتمان شۆڕنەکردوە.

مامۆستاینەمر لەگەل کۆمەلێک لەو مامۆستا بەئەمەک و وەفادارانە خەباتی دەکرد لەدژی بەعسی یەکان وەبەتایبەتی لە ئامادەی کوردستان لە هەوڵێر کە دەتوانم بڵێم ئەم ئامادەیی یە لانکەی پێگەیاندنی سەدان وبگرە هەزاران لەکادیری جۆربەجۆربووە لەبوارەکانی زانست و پەروەردە ونیشتمانپەروەری بەتایبەتی ئەومامۆستا بەڕێزانە کە ڕۆلی بەرچاویان هەبوو لەبەگژدا چوونەوەی ڕژێمی سەرکوتکەری بەعسی لە سالانی هەشتاکان، وەهەوینی جۆش کردنی خۆپیشاندان وهۆشیار کردنەوەی خۆیندکاران بوون وەک ماموستا پۆلس یەعقوب وئیسماعیل خۆشناو نەجیب عەبدوالرحمان وجەمیل عیسا و کاڤم محمد وفەوزی صابر وئەمین محمد وحمد امین ومحمد مورتکە و سالم بویا و سەلاح عەبدوڵڵا وسەلاح ئەحمەد وەرتی و محەمەد توفیق و مامۆستا ولیم جان توماس و دواتریش کۆمەلێک مامۆستای تر کە ئێستا لە ژیان نەماون. ئەوانی تر ..

مامۆستا پۆلس هەموکات هاندەربووە لەگەل ئەورەوتەی کە بۆ خۆپێشاندا لە دژی ڕژێمی ڕەفتار فاشی دا کاری کردووە لەگەل مامۆستایانی تر بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٨٢ دوای تەقینەوەکەی ناو ئامادەی کوردستان کەبووە هۆی گرو گلپە و بلێسەی خۆپێشاندانەکانی هەولێر، هەروەها لە ساڵانی ئەنفاڵە بەدناوەکاندا لە ١٩٨٧ و ١٩٨٨ هەمان هەڵوێستی جوامێرانەی هەبوو، وەهەموکاتیک لە گەل ئەوکۆمەلە هاوڕێ یانەی دا لەخەم و پەژارەی میللەتەکەیدا بوو، سەرەڕای ئەوەی کە برایەکی مامۆستا پۆلس بەناوی (مونیر) بەدەستی جەللادەکانی بەعسی لە سێدارە دراوە و چۆتەریزی نەمرانەوە کەئەمە زیاتر ڕق وقینەی مامۆستا پۆلس لەم ڕژیمە خۆیناویەدا کردۆتەوە.

هەر لەهەشتا کانەوە مامۆستا پۆلس لە هەمان ئامادەی کوردستان بە یەکەوە لە هەولی ئەوە دابووین کە هیچ خوێندکاریک لەم ئامادەیی یە سەر بۆ بەعسی یەکان شۆڕنەکات ولەریزەکانی ئەو یەکیتی یەی قوتابیانی بەعسی یەکان کارنەکات بۆیە دەیوت باخۆمان (یقافەی قومی) بڵێنەوە بۆ ئەوەی نەهێلین یەک قوتابی ببێتە بەعسی. وەبەردووقۆلی هەموو هەول وتەقەلایەکی بەعسی یەکانمان لەم قوتابخانەیە بەهاوکاری لەگەل مامۆستا تێکۆشەرەکانی تر پووچەل دەکردەوە، بۆیە بەبەردەوامی ڕژێمی عەسکەرتاری لەهەولی ئەوە دابوو قوتابیەکان بەندبکات وخۆپێشاندانەکان سەرکوت بکات ودواجاریش لە مانگی ٤ ی (نیسان) ١٩٨٢ نارنجوکێکی دەستی خرایە ناو قوتابخانەکە، کە زیاتر لە ١٠٠ سەد قوتابی بریندار بوو قوتابیەکیش بەناوی (نەوزاد) شەهید بوو.

ئەم کردەوانەی بەعسی یەکان بوو بووەهاندەریک بۆ مامۆستایان و خوێندکاران بۆ ئەوەی بەگژ ڕژێمی بۆ گەنی گوڕبەگۆر خەبات بکەن بۆیە ستایش و ڕۆڵی ئەو مامۆستا و خوێن دکارەنیشتمانپەروەرانە دەکەین کە لە ڕۆژانی ڕەش و تەنگانەدا چۆکیان بۆ دوژمن دانە نواندو لە ڕۆژانی نهێنی دا چالاکانە ئامادەیی کوردستانیان کردبووە قوتابخانەی خەبات کردن و خۆڕاگری و شۆڕش...

- مامۆستا پۆلس یەعقوب لە سالی ١٩٤٢ لە شارۆچکەی عەنکاوە لە دایک بوو.

- خوێندنی سەرەتایی لە عەنکاوە تەواو کردوە.

- ناوەندی و دواناوەندی لە سالی ١٩٥٩-١٩٦٠ لە هەولێر تەواوکردوە.

- سالی ١٩٦٠-١٩٦١ لە زانکوی بەغدا کولیجی پەروەردە بەشی میژوو وەرگیراوە .

- لە سالی ١٩٦٣-١٩٦٤ بۆ ماوەیەک لە کولیجی پەروەردە (فصل) کراوە بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپێشاندانەکان لە ڕژێمی ڕژێمی بەعسی یەخوێن ڕیژەکان .

-لەسالی ١٩٦٤-١٩٦٥ بکالوریوسی لە میژووو دەستهێناوە.

- لە ساڵی ١٩٦٥/١٠/١٣ بە مامۆستالە ئامادەیی هەولێری کوران دامەزراوە.

- لە ساڵی ١٩٨٢ بۆتە یاریدەدەر لە ئامادەیی کوردستان لەبەر شارەزای کارگیری دا.

- بەڕێوەبەری ئامادەی ١١ ئەیلولی پیشەیی لەعەنکاوە.

- لە ١٩٩٣/١١/١٨بووو بەسەرپەرشتیاری پسپۆری

- لە ١٩٩٣ بووە بە سکرتێری ئەنجومەنی میللی عەنکاوە

- ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵ واتە لە ١٩٩٣ تا کۆچی دوایی ئەندامی لیژنەی بالای ئەزموونەگشتی یەکان بووە بۆ قۆناغی شەشەمی ئامادەیی.

- بەڵام داخی گرانم لە ڕۆژی دووشەممە ٢٠٠٦/٦/٢٦ ئەو مامۆستا بلیمەت و نیشتمان پەروەرو سەرپەرشتیارو پەروەردەکارە بۆ یەکجارەکی ماڵئاوایی لێکردین.

لە دوای خۆی چوار کچ وکوڕێکی بۆ بەجێهێشتنین بەناو (بەیار) و (فەیحاو) (بەیدا) و (وەلا) و (بنار) . هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا وپەروەردکاری هەمیشە زیندوو مامۆستا پۆلس یەعقوب عەسکەر.

بریاری ئەنجوومەنی وەزیران لە خواست و ئارەزووی مامۆستایان نەبوو...

سەباح شامایا

ماوەیەکە بەر لە ئێستا نارەزایی دەڕبڕینی مامۆستایان بەرامبەر بڕینی دەرمالّەی پیشەیی مامۆستایان بەردەوام بوو لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لە کەناڵەکانی تەلەفزیونی ونووسین لە ڕۆژ نامەکاندا وبەرزرکردنەوەی یاداشت بەتایبەتی لە لایەن مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وە دەرکردنی بەیاننامە لە لایەن ڕێکخراوەکانی تری مامۆستایان وەبەمانگرتنی مامۆستایان بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی وکۆکردنەوەی دوانزە هەزار ئیمزای مامۆستایان، ئەم هەوڵ وجموجۆلییەی مامۆستایان دەرئەنجامەکەی پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بوو لە نیوان نوێنەرانی وەزارەتی دارایی لە گەل نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردە و مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان. لە ئەنجامی کۆبوونەوەکە بڕیاریان دا دەرمالەی پیشەیی مامۆستاین بەم جۆرە سەرف بکرێ: پەنجا هەزار دینار بۆ مامۆستایانی پلە (٤،٣،٢)،وەبڕی حەفتاو پێنج هەزار دینار بۆ پلەی (٦،٥)، بڕی سەد هەزار دینار بۆ مامۆستایانی پلە (٨،٧) .

ئەم بڕیارە پەسندکراە بەرزکرا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران تاکو بڕیاری لەسەر بدات ئەم ماوەیەی پاش بەرزکردنەوە مامۆستایانی کوردستان چاوەروانی کۆبوونەوەی ئەنجوومەتی وەزیرانی بوون تالە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/١٣ کۆبوونەوە کە بەسەرۆکایەتی ڕێزدار نیچیرڤان بارزانی ئەنجام درا، بەڵام بەداخەوە داواکارییەکانی مامۆستایان پەسند نەکرا کەداواکاری نوێنەرانی وەزارەتی دارایی ووەزارەتی پەروەردە و مەکتەبی سکرتاریەت بوون. تەنها بڕیارێک درا بۆ ئەو مامۆستایانەی لە ئەنجامی سیستەمی نوێی مووچەوە زەرەمەند بوون قەرەبوو بکرێنەوە بە بڕێکی دیارنەکراو، گەرانەوەی دەرمالّەی پیشەیی بۆ سەرجەم مامۆستایان نەدراوە، ئەم بڕیارە نارەزایی لە نێوان مامۆستایانی خولقاند.

بۆیە ئەرکە وپێویستە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان کە تاکە ڕێکخراوە بەرگری لەمافەکانی سەرجەم مامۆستاینی کوردستان دەکات وەبەهەماهەنگی لە گەل جەماوەری مامۆستایاندا فشاری مەدەنی وشارستانی و دیموکراسیانە خواستەکانی مامۆستایان بێنێتە دی، هەروەها ئەرکە لەسەر حکوومەتی کوردستان بروانێتە خواستەکانی مامۆستایان وبەوردی دراسەتی داواکارییەکانیان بکرێت تاکو باری گوزەراینان بەرەو باشتر هەنگاو بنرێت، چونکە بینا کردنی نەوەیێکی هوشیار و کۆمەڵگایەکی مەدەنی لەسەر ئەستۆی مامۆستایانن، چەندین ژیانیان باش بکرێت بێگومان خزمەت بەپرۆسەی پەروەردە دەگەیەنێت و دەستکەوتەکان زیاتر دەبن.

هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەنجوومەنی تەنفیزی کە گەورەترین بالّادەستە لە مەکتەبی سکرتارییەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە کۆبوونەوەی هەشتەمی خۆیدا لە ڕۆژی ١٠/٢٥/ ٢٠٠٨ بەیاننامەی تایبەت بە دەرمالەی پیشەیی ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار و جەماوەری مامۆستایان کرد، کە لەناوەرۆکەکەیدا هاتووە، لەکاتی دەرچوونی بریاری ئەنجوومەنی وەزیران هیچ ئاماژەی بە هەوڵ وکۆششەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان نەدراوە هەروەها پرۆژەکە لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە وەک خۆی جێبەجێ نەکرا، باوەرێک لە لایەن مامۆستایانەوە دروست بووە کە حکوومەتی هەرێم بایەخێکی ئەوتۆ بەتۆیژی مامۆستایان نادات لە کاتێدا کە دەرمالّە دەدرێتە زۆربەی فەرمانبەرانی تری دەوڵەت بەڕێژەیەکی زۆریش.

بۆیە ئەنجوومەنی تەنفیزی ئەم داواکارانەی خستەروو .

١- ئەوپرۆژەیەی کە لەڕۆژانی ٩٨/ی /٢٠٠٨ لە لایەن لیژنەی تایبەتەوە وەئامادە کرابوو وەک خۆی جێبەجێ بکرێت .

٢- داوادەکەین کە تاوەکو ٢٠٠٨/١١/١٠ وەڵامی پێویستمان بدەنەوە، ئەگەرنا ئێمە شێوازەکانی تری خەباتی ڕێکخراوی پیشەیی ڕادەگەیەنین وبەم شێوەیە.

أ- ڕاگەیاندنی مانگرتنی سەرتانسەری مامۆستایان بۆ ماوەی یەک ڕۆژ لە ٢٠٠٨/١١/١١ وەلەنێو ناوەندەکانی خوێندن.

ب- ئەگەر وەڵامی پێویست نەبوو ئەوا لە دوای دوو ڕۆژ جارێکی ترمانگرتنی بۆماوەی دوو ڕۆژ مانگرتن ڕادەگەیەنین.

جـ- دوای ئەوەش ئەگەر هەر وەڵام نەبو ئەوا مانگرتنی سەرەتانسەری بۆ ماوەیەکی نادیار ڕادەگەیەنین.

هەروەها لە کۆتایی بەیاننامەکەداوا لەمامۆستایان دەکرێت تائەو بەرواڕە بە پشتوویەکی دڕێژەوە بەدەوامی ئاسایی خۆیان بدەن لە ناوەندەکانی خوێندنەوە بە هیوای حکوومەتی هەرێم هەروەک خەمخۆری سەرجەم چین وتوێژەکانی گەلەکەمان بەتەنگ ئەم داواکارییەمانەوە بێت بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن خزمەتی تەواو بەدوارۆژی گەلەکەمان بگەیەنن.

پەیڤێگ بەناوی.. هەر چەندە من وەک تۆ

مامۆستا عەدنان ئیلیا برایموک

هەر چەندە من وەک تۆ دەفتەرو حسابم نی یە !!
لە ناوەو لە دەرەوە ..ی بانقەکان یۆرۆ دولارم نیە!
هەر چەندە من وەک تۆ دەفترو حسابم نی یە!!
لە ریزەی شەقام . هەمەر و مۆنیکەو لەیلە علویم نیە!
هەر چەندە . وەک و تۆ کۆشکەو وتەلارو جوانە باخم نیە!
ساباتی مۆدیرن و دیوەخان وپاسەوان و خزمەت کارم نیە!
بۆ هەر یادێ یادەرچونێ قاتو ریباتی تایبەتیم نیە!
بۆ رابواردن و کەیفی خۆم . هەر چارەو دۆستێکم نیە!
هەر چەندە و نەسریە و سەرفی مەفتوحم نیە!!

قیزەو پاسەپۆرتی حەرفی جی. م نیە!
بۆ هەر هەل و مەرجێ ڕێگای هەندەران کراوە نیە!
هەر چەندە من وەک تۆ نازو نیعمەتی زمانەم نیە!
لەسەر ئەم ئەرزە پانو بەرینە شوێن حەوانەوەم نیە!
. بەڵام سوێند بە خوای گەورە . هەر ئەمە نیە!
دونیا تاسەر بۆ کەسێ نیە! هەتا هەتا یە
بروا تان هەبێ. لەدەنگی چینی هەژار بەرزتر نیە!
بەڵام بە قەد بالای تۆ و بەرزی چیا!
عزەت . نەفس و کەرا مەتم هەیە. ؟
شوکر بۆ خودا بە هەر حاڵ بێ!!
جەم جەم ورۆژانە ! نانە زگم هەیە!
خۆشەویستی پیاو غیرەت و ڕۆژنامە نوسانم هەیە!
زۆر زۆر یش لە تۆ! هەستی نەتەوە و .
خۆشەویستی وڵات و نەوەی کوردم هەیە!
کودستانەکەم . بەگشت پێک هاتەی!
بەگشت ئەحزاب و دین وبیر و بۆچونی .
هەمووی مرۆڤەو لە حەق وەک یەکە..
بەسە! بادادو یاسا ..(بەکار) سەروەر بێ
درۆ وقسەی زل . بیخەینەژێرپی.
خۆشەویستی و متمانەی کۆملگای خۆمانبین.
تاکو ئایندەی وڵات سەر فراز بمێنێ.
تاکو دەستکەوتەکانی خۆێنی شەهیدان..

بەرزو بەبەهای خۆی هەر وا بمێنێ.
کێ حەقی بەئێوە داوە بەچاوی کراوە
بەرۆژی روناک و بەچاوی جنۆکی
تەنها . بەرژەوندی خۆتان بەر چاو بێ
بێدەسڵاتان . غەرقی خەم وخوێناو بێ
ئەی! چاودێرانی . ماف و دارایی
ئەی. مستەشارانی . پیاوانی وڵاتم.
ژیلەنۆی ئاگری ڕێگای خەباتم.
کەم یەک . بیر لەوەزعی دەرەجەی دووەم !!
لە موچەو. جێنشین و خزمەت گوزاری!
لە سایەی ئازادی و دیموکراسی و یاسای جیهانی
کەی وارەوایە . ئەو نایەکسانی . خۆش گوزەرانی
خێزانی وتاکی کۆمەلگەکەمان . لەگشت بوارەکان
یاسای نوێی موچە بابۆ هەمان وەک یەک بێ
فەرمانبەران . وئەندام پەرلەمان ووەزیرانم!
بۆ خۆشەویست و . ناحەزو دۆژمنانم ..!
. نەک بۆ هەندێ . خەنجەر لە کابێ !!
بۆ زۆرینەش . ئاوات و ئامانج حەسرەت ومەینەت بێ
تکاو ڕەجام . ئەوە بێ بۆتان .
بەهەدەر نەچێ ڕەنج و خەباتان.
پشت لە کورڕأنی میللەت قەت نەکەن ..
ئەوان سەبەبی . پلەو پایەتان ..!!

پارچە شعرێک

بۆ یادی شەهیدانی شەقڵاوە

ئاهی دڵ

سەمیرە یوسف سلیوە

ئەگەر پێم دەڵێی دایە گیان
بۆ دڵت تونده پر فرمێسکە چاوەکان
لە ناخی دڵمەوە ئەمەوێ پێت بڵێم دایە گیان
بەڵام نازانم چیت پێ بڵیم خەمو خەفەتان
ئەوەی لە دڵمە با هەر بمینێ بابە گیان
ئای دایە ئەزانی ١١/١٤لە یادی شەهیدان
خوشک و دایک و هاوسەری شەهیدان

ڕێ پێوان بکەن بۆ سەر قەبرستان
بڵێی بۆ ئەم نەمرانە ئەمرۆ هاتین بۆ لاتان
هەتا بزانن هەرگیزا و هەرگیز ناچن لە یادمان
پێیان بڵێن گشت بەندیخانە ئەبن بەوێران
موژدە لە ئێوە ئەی نەمرەکان
هەتا هەتایی ناچن لە یادمان
سەفینی و سۆرک و سەرتاپای کوردستان